## شاعیرێک بۆ هەموو وەرزەکان...

بەیانی و ئێواران، خۆم دەگەیاندە لوتکەی شاخ، بۆ ئەوەی،هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆر ببینم. لە نێوان ڕۆژهەڵاتن و ئاوابوونیشدا، دەورەی فێربوونی شانۆم وەڕێ خستبوو. لە جیاتی چەک، کەنیشک و کوڕ، لەش و دەنگ و هزریان بەکار دەهێنا و بۆیە دەبووینە مایەی گاڵتەجاڕی پێشمەرگەکان! بە نزیکبوونەوەی ڕۆژی دووی ڕێبەندان، ویستمان شانۆنامەیەک ئامادە کەین. ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆمارم پشکنی، چم پەیدا نەکرد. داوای تاریک و ڕوونی مامۆستا هێمنم کرد، پاش برینی ڕێگای نێوان چەند شاخ، خاوەن کتێب بەو مەرجە پێدام کە ڕۆژی دواتر بیدەمەوە. لە ئامێزگرتنی دووبارەی تاریک و ڕوون، دووگیانی کردم و هەتا بەیانی لە ژانی زاوزێدا تلامەوە، بەرەبەیان، کۆشکی ئاوات لە دایک بوو. شانۆنامە نەبوو، ئۆپێرت بوو! کۆشکی ئاوات لە دووی ڕێبەندان لە شاخ پێشکەش کرا.

دواتر لە دەرەوەی وڵات ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا، چۆنیەتی شانۆنامەی دایکی نیشتمان ساخ کەمەوە، پاش کۆتای پێهاتنی کارەکە، دیتم کۆشکی ئاوات و دایکی نیشتمان لە یەک دەچن. هێمن ڕووحی دایکی نیشتمانی خزاندبووە ناو شیعرەکانیەوە! دایکی نیشتمان بە دیالۆگی ژن (دایک) لە گەڵ ڕۆڵەکانی دەست پێدەکات، کۆشکی ئاوات بە دیالۆگی کچ و کوڕ. شانۆنامەی دایکی نیشتمان کۆی دیالۆگی ئاسایی و چەند شیعری حاجی قادری کۆیی و سرودی خوایە وەتەن ئاواکەی. بوو. کۆشکی ئاوات هەر هەمووی شیعرە و شیعرەکانی هێمنە.

**کچ :** کاکەگیان لاوی کوردی شۆخ و شەنگ

تاکەنگێ دەبێ وا بێ هەست و دەنگ

دیلی, ژێردەستی, ئەسیری, تاکەی؟

ڕووتی, نەداری, فەقیری, تاکەی؟

..............................................

..............................................

**کوڕ:** وەتەن گیان و سەر و ماڵم فیدای تۆ

وەگیانی من کەوێ دەرد و بەڵای تۆ

لە پێناوت دەنێم سەر تابزانی

منم ڕۆڵێکی ئازاو باوەفای تۆ

لە بۆ پاراستن و حیفزی سنورت

لە باتی (ماژینۆ) سینگم قەڵای تۆ

دەبێ من چۆن بژیم مەسرور وشاد

کە دەت بینم لە دەس بێگانە دای تۆ

دەبێ کەی سەربەخۆبی تۆ هەتا من

بە سەربەستی بکەم سەیر و سەفای تۆ

هێمن لە ڕیگای شعیرەکانییەوە خۆی دەگەینێتە ناو قوڵایی کۆمەڵگا و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە سێ بارودۆخی زەمانی بەر لە کۆمار و کاتی کۆمار و دوای کۆمار، بەسەر دەکاتەوە و هەست و بیروبۆچوونیان تۆمار

دەکات. تەنانەت ڕوونترین ڕاپۆرت لە کاتی دەستەڵاتی دیکتاتۆڕی ڕەزاشا، دەداتە دەست و لە جەژنی کۆماردا بەزم دەگێڕێ.

(داوەت دەگەڕێ)

**کۆ:** ڕۆژی خۆشی و پێکەنین و داوەتە

هەی چ ڕۆژێکی بەقەدر و قیمەتە

**پیاو:** جێژنی سەربەستی و دەمی ئازادی یە

**لاو:** کاتی عەیش و نۆش و شایی وشادی یە

**کچ:** بەرگی ڕەش ئیتر لە بەرمان دادڕا

**کۆ:** بەندەکی دیلی و ئەسارەت هەڵبڕا

**پیاو:** سەربڵیندین چونکە وا ئاڵاکەمان

**ژن:** هەڵکراوە گەییە تەشقی ئاسمان

شانۆی دایکی نیشتمان پێنج پەردە بووە، هەروەک چۆن شانۆنامەی کۆشکی ئاوات، جیاوازی پەردەی پێنجی هەرکیان ئەوەیە کە پەردەی پێنجەمی دایکی نیشتمان ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و پەردەی پێنجی کۆشکی ئاوات شین گێری کۆمار و هێمن موکریانییە، کە بە حەق بە شاعیری میللی ناسراوە:

تابلۆی پێنج

( شیوەن)

**پیاو:** ئەو ساڵ جێژنەمان تاڵە

**ژن:** دوژمنی زاڵم زاڵە

**پیاو:** لاو جێ یان سیاچاڵە

**ژن:** دەستی دۆیان بەتاڵە

**هونەرمەند:** گاڵتە و گەپ و پێکەنین

**گۆرانی بێژ:** شەو داوت و هەڵپەڕین

**مام میرزا:** جێگای خۆیان دا بە شێن

**پیاو:** دیسان خەمیان دابەشین

هێمن لەو شاعیرانەیە کە زۆر باش لە میللەتەکەی تێگەیشتبوو، بەڵام میللەتەکەی لەو تێنەگەیشت!

برایم فەرشی